

هونەرمەندی شانۆکار عەبدولقادر مستەفا

# پیاوێک لە ئەمەک و نیشتیمانپەروەریی ...

ئەرسەلان دەروێش

هونەرمەندێکی درەوشاوەی شانۆو درامای کوردی، گەرچی نەخۆشی سالانێك بوو بەتووندی بەرۆكی گرتبوو،کەچی ئەم هەروەك ئەو هونەرەی تەمەنی خۆی بۆ بەخشیبوو، وەکو (شانۆ ) نەك هەر گەنج ولە تافە تافی حەز و خۆزگە جوانەکانی لە هەڵکشان و هەڵچووندابوو، بەڵکو لەتەك خودی ژیان دا کێبڕکێی دەکرد و گرەوی لەسەر نوێ بوونەوە بوو، بۆیە بە پێچەوانەی هەڵکشانی تەمەن بەرەو مەرزەکانی خەزان و ماڵئاوایی، ساڵ بە دوای ساڵ دوانزە مانگە لەهەڕەتی بەهاری بوژاندنەوەدابوو، دڵسۆزو پاك و بە ئەمەك، بەشدارییە جۆراو جۆرەکانی لە کارە شانۆییەکان و دراما کوردییەکاندا وەك ئەکتەرێکی بەهرەدارو بە ئەزموون و پڕ لە حەماسەت، گەواهی ئەم ڕاستییەن.

پیاوێك کە هەر لە تافی لاوێتیدا خولیای ئازادی گەلەکەی هەست و بیری داگیرکردبوو، هەردەبوو بژاردەی پڕ سەروەریی (پێشمەرگایەتی ) سومبولی ژیانی بێت. بۆیە وێڕای بەشداریی قارەمانانەی لە شۆڕشی ئەیلولدا وەك پێشمەرگەیەکی ئازاو بوێر،کە شایستەی ئافەرین و خەڵاتی سەرۆکی مێژوویی گەلی کورد (مستەفا بارزانی ) نەمر بوو، لەتەواوی ساڵانی ژیانیدا ئەو ڕێڕەوەی بەرنەدا و لە کایەی هونەرو رۆشنبیریی کوردیدا مرۆڤێکی سەر ڕاست و دڵسۆز بە گەل و نیشتیمان بوو.

وێستگەکانی ژیانی هونەریی زۆرن و پڕ لە خەرمانەی تەقەلاو کۆششی جوامێرانەن، بۆیە بەدڵنیاییەوە لە دڵ و هزرو یادەوەریی گەلەکەیدا هەردەم ئامادەیی دەبێت،هەر چۆن لە نێو مێژووی هونەری کوردیشدا ناوێکی درەوشاوە دەمێنێتەوە..

هونەرمەندی قسە خۆش ومەشرەب خۆش و رووخۆش مامۆستا(عەبدولقادر مستەفا ) کە بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە زۆربەمان بە (مامە قالە!) ناومان دەهێنا، لە ئاکار و ئیلتیزامی هونەرییدا نموونەیەکی باڵاو جوانی سەردەمی رابەرەکانی هونەری کوردی بوو.هەمیشە جێی سەرنج و هۆگریی هونەرمەندە لاوەکان بوو، کە بەڕێزو حورمەتێکی کەم وێنەوە پێشوازییان لێدەکردو مەجلیسیان لەگەڵ دەبەست.

(مامە قالە) ی هونەرمەند کە لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری دەرهێنەرانی کورددا، لە رابەران و ئەزموونداران و گەنجاندا کاری کردبوو، باش لەو راستییە تێگەیشتبوو، کە خۆشەویستی نیشتیمان لە خۆشەویستی خەڵکەکەیدا بەرجەستە دەبێت وخۆشەویستی خەڵکیش بەخزمەتکردنێکی خونەویستانەی بەرهەمدار گەشە دەکات و مەزن دەبێت.

بەداخێکی زۆرەوە مەرگی ئەم پیاوە وەفادارو پڕ لە خۆشەویستییە لەم هەلومەرجەی ئێستای هونەرەکەماندا، هێندەی تر دەبێتە کەسەرێکی ناخۆش بۆ ڕەوتی شانۆی کوردی و هاوڕێی و هاوەڵانی، باشترین خەڵات و ڕێزلێنانیش بۆ ناوو کۆشش و بەرهەمەکانی،پەند وەرگرتنە لە نەخشە جوانەکانی ژیانی و لەیاد نەکردنیەتی.





# ژیاننامەی هونەرمەند عەبدولقادر مستەفا

● ســـاڵی ١٩٤٣ لەشـــاری هەڵەبجەی شـــەهید لەدایك بووە.

● قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنی لە شـــاری (سلێمانی) تەواو کردووە.

● ســـاڵی ١٩٥٦ بۆ یەکەمین جار چووەتە سەر تەختەی شـــانۆ و بەشـــداریی شـــانۆیی (عگیل)ی کـــردووە کە لەدەرهێنانی خوالێخۆشـــبوو (ئەنوەر توفی) لەسەر شانۆی ئامادەیی سلێمانی کوڕان.

● ساڵی ١٩٥٩ لە شانۆیی( کۆتایی زۆردار) لە قەرەداغ و لە دەرهێنانی بەکر عەلی رۆڵی (دایك)ی گێڕاوە.

● لەســـاڵی ١٩٦١دا چووەتـــە خانـــەی مامۆســـتانی سلێمانی.

● هەر لەســـاڵی ١٩٦١ داشەرەفی ئەندامێتی (پ.د.ك) پێبەخشراوە.

● ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن رژێمی ئەو سەردەمەوە فەرمانی گرتنی بـــۆ دەرچووە، بۆیـــە وەك کادری حزب و (پ.م) رووی کردۆتە شاخ.

● ســـاڵی ١٩٦٤ دوای تەواوکردنـــی خوێندن لە خانەی مامۆستایان، وەك مامۆستا لەبازیان دامەزراوە.

● ســـاڵی ١٩٦٦ هاوسەرگیری کردووە. باوکی سێ کچ و کوڕێکـــە کە هەموویان لەکایە هونەرییە جیاجیاکاندا کار دەکەن.

● ســـاڵی ١٩٧٢ بـــووە بـــە ئەندامـــی کۆمەڵـــەی هونەرەجوانەکانی کورد و لەســـاڵانی ١٩٧٥تا٩٤ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەم کۆمەڵە بوو.

● لە ســـاڵی ١٩٧٣ دا لە یەکەمین فێستیڤاڵی هونەری کوردی لەشـــاری بەغدا لە سێ بەرهەم بەشداریی دەکات، لە (تابلۆی بووك وزاوا )وشـــانۆیی (دیوار) نووســـینی (ســـارتەر) و دەرهێنانی خوالێخۆشـــبوو( تەها خەلیل)، شـــانۆیی (پەیکـــەر) لەدەرهێنانی هونەرمەنـــد (بەدیعە دارتاش) رۆڵی گێڕاوە.

● لە ســـاڵی١٩٧٤دا وەك (پ.م) لە میانەی شۆڕشی ئەیلوولـــدا لەشـــەڕەکانی زۆزگ و گەرووی هۆمەر ئاغا بەشداریدەکات و وەك هونەرمەندێکی پێشمەرگەی قارەمان، لەلایەن (بارزانی نەمر)ەوە خەڵات دەکرێت.

● لەســـاڵی ١٩٧٥ ەوە وەك راهێنـــەری هونەریـــی لە بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی دەستبەکار دەبێـــت و وێڕای پێگەیاندنـــی قوتابییـــە بەهرەمەندەکان لەچەندین شانۆیی ئەم بەڕێوەبەرایەتییەدا کاری کردووە کە لەسەر ئاستی عێراقدا خەڵاتی یەکەمیان وەرگرتووە.

● ســـاڵی ١٩٨٤ بـــووە بـــە بەڕێوەبـــەری چالاکـــی قوتابخانەکان.

● لەســـاڵی ١٩٩٦ ەوە ئەندامی تیپی شـــانۆی ســـالار بـــووە لەزۆربـــەی بەرهەمەکانی دوا ١٥ ســـاڵی ئەم تیپە رۆڵی ســـەرەکی گێڕاوە و تاساڵی ٢٠٠٩ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەم تیپە بووە.

● چەندیـــن خەڵاتی هونەریی لەمەڕ داهێنان وریزلێناندا وەرگرتووە.

● لەماوەی (٥٨)ســـاڵی تەمەنی بەخششـــی هونەرییدا زیاتر لە (١٢٠) بەرهەمی لەبواری شانۆ و فیلم و درامای کوردیداپێشکەشکردووە.

● ٢٨-٩-٢٠١٤ دواماڵئاواییمان لێدەکات.

# لە نێو ئەستێرەکان تایلۆر یەکەمیانە

ساڵانە گۆڤاری (بیبۆل)ی ئەمریکی یەکەمەکانی لە بوارە جیاجیاکان هەڵدەبژێرێت لە هونەرمەندان و یاریزانان و سیاسەتمەداران لە بواری جوانترین، دەوڵەمەندترین، رێکپۆشترین، پرداهاتترین، باشترین و تەنانەت ناشیرنترین و خراپترینەکانیش پۆلێن دەکات لە رووی جەماوەرییەوە بەتایبەتی لە نێوان هونەرمەندان.

تایلۆر سویفت یەکێکە لە خانمە شۆخە بەناوبانگەکانی هۆڵیۆد کە ساڵانە لە سەر فەرشی سوری زۆربەی فیستیڤاڵەکان و بۆنە و ئاهەنگە جیاجیاکان دەردەکەوێت و سەرنجی جەماوەر و ئامادەبووان بە رێکپۆشی و جوانی خۆی رادەکێشێت، هەڵبژاردنی جوانترین و رێکترین جلوبەرگەکان یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە ئەمساڵ گۆڤاری نازناوی رێکپۆشترین ئەستێرەی هۆڵیۆد و ئافرەتی ناودار ببەخشێتە تایلۆر.

لە لیستەکەدا ناوی هەریەکە لە جنیڤەر لۆپێز و ریهانا هەبوون وەکو گۆرانیبێژ و وەك ئەکتەریش ناوی ئیما ستۆن و ئیما واتسۆن و لۆبیتا نیۆنجۆی خاوەنی ئۆسکاری ئەم ساڵ دەبینران، لە بارەی هەڵبژاردنی تایلۆر گۆڤاری نابراو رایگەیاند کە سویفت لە شێوازی هەڵبژاردنی جلوبەرگیدا هەمیشە مێیەتی و گۆڕانکاری بەردەوامی پێوە دیارە ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیکە بەم ئەستێرە ٢٤ ساڵییە دەبەخشێت کە لە زۆر ئەکتەرانی دیکە بەدی ناکرێت.

ساڵی پاریش گۆڤاری ناوبراو هەمان نازناوی بەخشییە کیری واشنتۆنی پاڵەوانی فیلمی سکانداڵ ، بەڵام ئەمساڵ ناوی لە لیستەکەدا نەبوو.



# پۆلیس فریای ئەستێرەکان دەکەوێت

نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمریکی FBI رایگەیاند کە دەستی بە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان و ورد کردووە لە کێشەی بڵاوبوونەوەی وێنە رووتەکانی هونەرمەندان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت، دوای ئەوەی وێنەی چەند کەسایەتیی ناسراو و هونەرمەندی دیکە بڵاوکرایەوە، لەوانە چەند وێنەیەکی نوێی کیم کارداشیان و هۆب سۆلۆی گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئافرەتانی ئەمریکا کە لەلایەن جەماوەرەوە زۆر خۆشەویستە.

مانگی رابردوو FBI دەستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد کرد دوای بڵاوبوونەوەی وێنەی ژمارەیەك ئەستێرە لەوانە جنیڤەر لۆرانس و ریهانا و کایت ئابتن و کرسیتن دانست، دیسان لە سەرەتای هەفتەی رابردوو میدیاکان رایانگەیاند کە وێنەی ژمارەیەکی دیکەی ئەستێرەکان بڵاوکراوەتەوە لەوانە کیم کارداشیان و ئەکتەری فەرەنسی ڤانیسا هادجنز و هۆب سۆلۆی گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئافرەتانی ئێەمریکا، بەڵام ماڵپەڕی (تی ئێم زی)ی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەستێرەکان رایگەیاند ئەم وێنانە پاش ماوەیەکی کورت لابران.

لەبارەی فراوانکردنی لێکۆڵینەوەکان لۆرا ئیملیری وتەبێژی رەسمی FBI رایگەیاند کە نووسینگەکەی دەستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و بەرفراوان کردووە و ئێستاش لێکۆڵینەوە بەردەوامە، بەڵام بۆ پاراستنی ناوبانگ و تایبەتمەندیی قوربانییەکان ناتوانم زانیاری زیاتر ئاشکرا بکەم تا ئەو کاتەی تاوانباری راستەقینە دەدۆزینەوە، بۆیە پێویستە هەر کەسێك کە خۆی بە قوربانی ئەم کارانە دابنێت پێمان رابگەیەنێت.

شایەنی باسکردنە لە مانگی ئەیلوولی رابردوو ژمارەیەك هاککەر دوای هاککردنی حیساباتی کۆمەڵەی (ئای کلاود)ی سەر بە ئەپل ژمارەیەك ئەم وێنانەیان بڵاوکردەوە، بەڵام کۆمەڵەی ناوبراو رەتی کردەوە کە هاك کرابێت و رایگەیاند تەنیا ناوی نهێنی و کۆدە تایبەتەکەیان بەکارهاتووە.



# شرادا کاپور بە کشمیری گۆرانی دەڵێت



کچە ئەکتەر و گۆرانیبێژی هیندی شرادا کاپور ئێستا خەریکی مەشق کردنە بۆ وتنی گۆرانییەکی نوێ بە زمانی کشمیری لە فیلمە نوێیەکەی کە بە ناوی (حەیدەر)ـە و ئێستا سەرقاڵی وێنەگرتنیەتی، ئەمەش جاری یەکەمە شرادا بەم زمانە گۆرانی بڵێت .

شرادا لەو بارەوە وتی: کە زمانی کشمیری بۆ من زۆر زەحمەت بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی رۆڵەکەم ئەوەی دەخواست ناچار بووم بەو زمانە گۆرانی بڵێم.

شایەنی وتنە فیلمی (حەیدەر) دانەیەکی نوێی چیرۆکی (هاملت)ی ویلیام شکسپیرە و لە هەرێمی کشمیر وێنەی دەگیرێت و هەر یەکە لە شەهید کاپوور و ابۆ و کای مینون بەشداری تێدا دەکەن و لە دەرهێنانی فیشال باردواجە و بڕیار وایە بەم نزیکانە نمایش بکرێت.

لە لایەکی دیکەوە شرادا رەتیکردەوە کە هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستیی لەگەڵ هونەرمەند ئەدیتیا روی کاپوور هەبێت و دووپاتی کردەوە ئەوەی لە نێوانیاندا هەیە لە هاورێیەتی زیاتر نییە، راشیگەیاند بەهۆی بەشداریکردنیان لە فیلمی Aashiqui ٢» جۆرێك لە هاورێیەتی لە نێوانیاندا دروست بوو، کە بە هیچ شێوەیەك نەبووەتە خۆشەویستی وەك ئەوەی میدیاکان رایانگەیاندووە، چونکە پێشتر لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی دیکەش رۆڵی بینیوە، وەك: سیدارت مالهۆترا و یەکتریان ناسیوە، وتیشی: بەم نزیکانە لەگەڵ فارن دهاون دەردەکەوم کە هاورێی منداڵیمە و ناکرێ بڵێن پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانماندا هەیە.





# هیلی لۆڤ ڕۆڵی پێشمەرگە دەبینێت



«مەردان» یەکەمین فیلمی بلندی سینەماکاری لاوی
کورد «بەتین قوبادی» دوای کورتە فیلمی «لە با
بپرس»نە کە خەلاتی ورچی بلۆرینی شەستەمین خولی
فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی بەرلینی لە ساڵی ٢٠١٠
بەدەستهێنا، لە یەکەمین بەشداری نێودەوڵەتیی خۆیدا لە
بەشی «دۆزینەوەکان» Discovery بە ناوونیشانی
«داهاتووی سینەمای جیهان» لە ٣٩یەمین خولی
فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی تۆرێنتۆ لە وڵاتی کەنەدا
دەچێتە سەر پەردەی سینەماکان.

«مەردان» کە چیرۆکی پێشمەرگەیەکی کورد بۆ بینەر
دەگێڕێتەوە، ساڵی رابردوو لە هەرێمی کوردستان سازکراوە
و تیایدا ئەکتەری ناوداری کورد «حوسێن حەسەن»،
گۆرانیبێژی کورد «هێلانە عەبدوڵڵا» (هێلی لۆڤ)،
«ئیسماعیل زاگرۆس»، «فەیاز دۆمان»، «میر موراد
بەدرخان» و چەندین ئەکتەری دیکە رۆڵیان بینیوە، لە سێ
سانسی جیاوازدا لەوانە: لە رۆژانی ٦، ٨ و ١٤ی ئەیلوول
/ سێپتەمبەری ٢٠١٤ لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی
تۆرێنتۆ نمایش کرا و لەو فیستیڤاڵەدا هیلی لۆڤ بە
جلوبەرگی پێشمەرگەوە بەشدار بوو.

لە کۆنگرەی رۆژنامەوانیدا کە لە شاری تۆرێنتۆ
بەڕێوەچوو، لە لایەن بەرپرسانی فیستیڤاڵەوە بە فەرمی
راگەیاندرا کە «مەردان» دوایین بەرهەمی «بەتین
قوبادی» لە نێوان فیلمگەلێک لە وڵاتانی ئەمریکا،
بەریتانیا، کەنەدا، فەرەنسا، ئەرژەنتین، نەمسا، نەرویژ،
ئوستralیا، پاکستان، هێندستان و چەندین وڵاتی دیکە لە
بەشی «دۆزینەوەکان» بە ناونیشانی «داهاتووی سینەمای
جیهان» وەرگیراوە.

فیستیڤاڵی فیلمی تۆرێنتۆ کە یەکێکە لە فیستیڤاڵە
گرینگ و پلە یەکەکانی سینەمای جیهان و زۆربەی فیلمە
بەرچاوەکانی سینەما لەم رێگایەوە چوونەتە ناو فیستیڤاڵە
جۆراوجۆرە جیهانییەکان و ئەکادیمیای ئۆسکارەوە، لەم
خولەی خۆیدا بە نمایشی ٣٠٠ فیلم لە فیلمسازانی
زیاتر لە ٦٠ وڵاتی جیهان لە بەشەکانی چیرۆکی،
دیکۆمێنتاری، ئەزموونی و ئەنیمەیشنی و بە ئامادەبوونی
سینەماکارانی بەئەزموون و ئەستێرە ناودارەکانی سینەمای
جیهان لە چەندین بەشی جۆراوجۆری پێشبڕکێی و دەرەوەی
پێشبڕکێی لەوانە: بەشی «فیلمسازە سەربەخۆکان»،
بەشی «دۆزینەوەکان»، بەشی «مامۆستایان»، «کەشفی
بەهرەمەندان» و بەشی «دیکۆمێنتاری» لە رۆژانی ٤ تا
١٤ی ئەیلوول / سەپتەمبەری ٢٠١٤ لە شاری تۆرێنتۆ لە
کەنەدا بەڕێوەدەچێت.

لە پوختەی سیناریۆی فیلمی «مەردان»دا هاتووە:
پێشمەرگەیەکی کورد کە لە منداڵیدا چیرۆکێکی
ناخۆشی بۆ دێتە پێشێ دەبێتە مرۆڤێکی دوورەخراو، تەنیا و
دوورەپەرێز، ئەو لە سرووشتی کێویی و لە نێوان شاخەکانی
کوردستاندا بە شوێن پیاوێکی ونبوودا دەگەڕێت.

«بەتین قوبادی» ساڵی ١٩٧٩ لە شاری بانە لە دایک
بووە. ساڵی ١٩٩٥ بە شێوەکاری چووە دنیای هونەرەوە و
ساڵی ١٩٩٧ بە سازکردنی کورتە فیلمی «شێوەکاری»
بۆ تەلەڤیزیۆنی سنە دەستی بە چالاکی فیلمسازی کرد.
ئەم هونەرمەندە تا ئێستا ٦ کورتە فیلمی چیرۆکی
سازکردووە، لەوانە: کورتە فیلمی «شێوەکاری»، کورتە
فیلمی «حەتمەن ئەمرۆ» لە ساڵی ١٩٩٧، کورتە فیلمی
«لێرە ئانتین نادات» لە ساڵی ١٩٩٨، کورتە فیلمی
«سەربازێک کە شکا» لە ساڵی ٢٠٠٠، کورتە فیلمی
«ئامادە بۆ مردن» لە ساڵی ٢٠٠٨ و هەروەها کورتە
فیلمی «لە با بپرسن» لە ساڵی ٢٠٠٩.

بەتین لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا بۆ کامڵبوونی چالاکییە
سینەماییەکانی خۆی بەرەو پاریس سەفەری کرد و ئەم
شارەی وەکوو زانکۆیەک هەڵبژارد. ئەو چەندین کورتە
فیلمی لە فەرەنسا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا سازکرد.
ساڵی ٢٠١٠ بە کورتە فیلمی «لە با بپرس» توانی
خەلاتی ورچی بلۆرینی شەستەمین خولی فیستیڤاڵی
نێودەوڵەتیی فیلمی بەرلین لە وڵاتی ئەڵمانیا بۆ خۆی
مسۆگەر بکات.

## هیلێ لۆڤ بە جلوبەرگی پێشمەرگەوە بەشداری لە فیستیڤاڵی فیلمی تۆرنتۆ دەکات

هێلی لۆڤ کە وەك کچە گۆرانیبێژێك بۆ یەکەم جارە
لە کارێکی سینەماییدا بەشداری دەکات کە لەسەر پێشنیار
و راسپاردەی بەهمەنی قوبادی بووە و لەم فیلمەدا رۆڵی
هاوسەری پێشمەرگە دەبینێ و وەك پاڵەوانی فیلمەکە بە
جلوبەرگی کوردی بەشداری لە فیستیڤاڵی تۆرنتۆدا کرد،
لە بارەی ئەم فیلمەوە هیلی لۆڤ دەڵێتت:وەك پشتگیرییەك
و دڵسۆزیەکم بۆ برا پێشمەرگە قارەمانەکان کە ئێستا لە
بەرەکانی جەنگدان بە جلی پێشمەرگە بەشداریم کرد لە
فیستیڤاڵی تۆرێنتۆ بۆ فیلم لە وڵاتی کەنەدا.

سەبارەت بە جلوبەرگەکانی لە کاتی گەشتنی بۆ شوێنی
فیستیڤاڵەکە دەڵێت «زۆر بە شانازییەوە پێش ئەوەی
دەست بە قسەکانم بکەم لەسەر فیستیڤاڵ و فیلمەکەمان
بە ئامادەبووانم وت ئەمە جلی پێشمەرگە قارەمانەکانی
کوردستانە کە ئێستا لە جەنگێکن شەڕ بۆ ئاشتی و ئازادی
هەموو جیهان دەکەن نەک تەنها بۆ کوردستان و لێرەوە
رێزو خۆشەویستیم بۆ هەموو پێشمەرگە قارەمانەکان دەنێرم
و پێیان دەڵێم لە هەر شوێنێک بم ئێوە لەنێو دڵمدان.»

# سارا: پێویستە مۆسیقای پەرت و بڵاوی کوردی کۆبکەینەوە

لە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر تیپ و گرووپی موزیکی هەن و زیاتر بە بەکارهێنانی ئامێرە موزیکییە رەسەنەکان ناسراون، سەرەڕای نەبوونی پاڵپشتی و هاوکاری پێویستیش ئەم گرووپانە درێژە بە کارە هونەرییەکان دەدەن و بەردەوام کۆنسێرتی هونەری ئەنجام دەدەن. لەم گرووپانەدا ژنیاری بەتوانا لە هەردوو رەگەز هەڵکەوتووە، لەوانە: سارا ئەحمەدیان کە یەکێکە لە دەفژەنە سەرکەوتووە ناسراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

سارا لە شاری (کرماشان)ی رۆژهەڵات دەستی بە ژەنینی دەف کردووە و لەگەڵ چەند تیپی هونەری جیاجیا کاری کردووە، کە هەندێکیان تایبەت بوون بە ئافرەتان و هەندێکی دیکەشیان تێکەڵ بوون . بە حوکمی لێك نزیکبوونی جوگرافی و کۆمەڵایەتی نێوان کورد و گەلانی دەوروبەری زۆر ئاساییە کە هونەر و بەتایبەتیش موزیکی نێوانیان جۆرێك لە لێك نزیکبوون و تێکەڵبوونێك هەبێت، هەروەها زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە بەشێکی زۆری موزیکی کوردی لەلایەن ئەو وڵاتانە بردراوە و بە ناوی خۆیان بڵاوکراوەتەوە، لەم بارەیەوە سارا ئەحمەدیان دەڵێت: گومانی تێدا نییە کە فەرهەنگ و کەلتووری کوردی یەکێکە لە فەرهەنگ و کەلتوورە کۆنەکانی ناوچەکە بەگشتی، ئەگەر باس لە موزیکی کوردی لە ئێران بکەم، بە دڵنیاییەوە دەڵێت مۆسیقای کوردی رەسەنترین و فراوانترین مۆسیقای بووە لە ئێران، پیاوانی کوردستان وەك دەربڕین عەشق و خۆشەویستییان مۆسیقا و گۆرانی زیندوو و جیاوازیان بۆ ئافرەتانی کورد وتووە. بەتایبەتی لەو ئاهەنگ و مەراسیمانەی کە ساز کراوە، لە بواری سۆفیگەریی و تەنانەت لە مەراسیمی پرسەکانیشدا سوود لە مۆسیقا وەرگیراوە، بەڵام ئەگەر بە وردی لە موزیکی کوردی بڕوانین، دەتوانین بڵێین: مۆسیقای ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە بنەڕەتدا هەمان بنکە و بناغەی هەیە، یان زۆر لە یەکتری نزیکن، بۆ نموونە دەبینین مۆسیقای کوردستانی عێراق و زۆر لە پارچەکانی دیکە یەك ریشەیان هەیە، لە هەمان کاتدا مەقاماتی کوردی جۆراوجۆری هەیە وەك بەیات، سیاچەمانە، هۆرە.

سارا پێیوایە کە بەشێوەیەکی گشتی مۆسیقای کوردی زۆر جار کاریگەری مۆسیقای سوننەتی ئێرانیی بەسەرەوە دیارە، ئەگەرچی تێکەڵبوونی موزیکی کوردی بە موزیکی دیکەی جیهانی و موزیکی میللەتانی دەوروبەر و هەوڵی بردنی موزیکی کوردی، بەڵام توانراوە ئەم رەسەنایەتییەی بپارێزرێ و جیا بکرێتەوە لە موزیکی گەلانی دیکە و ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی نەشێوێنرێن، بەڵام ناکرێ بڵێین هیچ پەیوەندییەك، یان نزیکبوونەوەیەك لە نێوان موزیکی کورد و گولانی ناوچەکە بەتایبەتی موزیکی ئێران نییە، چونکە ئەم نزیکبوونەوەیە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت.



## جانێ حەیران :

# گۆرانیم بۆ خۆشەویستەکەم وتووە

**زۆر جار دەگوترێت بەردەوامبوونی دەنگبێژان لە وتنی گۆرانی لە ئاهەنگ و بۆنە نیشتمانییەکاندا رەنگە نەبێتە هۆی ناسینی و دەرکەوتنی دەنگخۆشی و توانا هونەرییەکان، یاخود کەسانێك پێیانوایە کاریگەریی دەبێت لەسەر کەسایەتیی خودی هونەرمەندەکە نەخاسمە ئەگەر گۆرانیبێژەکە ئافرەت بێت، لە هەمان کاتدا هونەرمەندی بە توانا هەن کە زیاتر لەم جۆرە ئاهەنگانە گۆرانیی دەڵێن لە هەمان کاتدا خودان توانا و بەهرەیەکی هونەری بێ سنوورن، جانێ کە زیاتر بە جانێ حەیران ناسراوە لە باکووری کوردستان دەستی بە کاری هونەری کردووە، بەڵام سەختی و پێداویستیی ژیان وای لێکردووە کە لە نێوان باکوور و رووسیا بگوزەرێنێت، ئەو یەکێکە لەو هونەرمەندە بە توانایانەی کە خاوەن دەنگێکی چیاییە و هەمیشە هونەر بە عەشق و خۆشەویستییەوە سەیر دەکات و ئامادە نییە لێی دووربکەوێتەوە.**

جانێ دەربارەی کارە هونەرییەکانی و سەرەتاکانی هاتنی بۆ نێو بواری هونەری کوردی دەڵێت: رەنگە سەیر بێت ئەگەر بڵێم من خاوەنی نزیکەی ٧٠ گۆرانی و ٨ ئەلبوومم، زۆربەی گۆرانییەکانیش نەتەوەیین و بۆ خاك و ئازادی و جوانی گوتراوە، هەروەها بە هۆی خۆشەویستیم بۆ هونەرمەندە نەمرەکان و پاراستنی هونەری رەسەنی کوردی، تا ئێستا چەندین بەرهەمی هونەرمەندە نەمرەکانی کورد و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانم بە شێوازێکی نوێ وتوتەوە .

ئەوەشی ئاشکرا کرد کە سەرەتا وەك حەزێك رووی لە گۆرانیی وتن کردووە و دەڵێ: دوای ئەوەی کە چەند کەسێك نزیك و هاوڕێم هەستیان بەوە کرد کە دەنگم بۆ گۆرانی وتن دەگونجێ و لە نزیکەوە ئاگادار بوون هانیان دام کە بەردەوام بم لە گۆرانی وتن و پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم، حەزی من و هاندانی ئەمان وایکرد کە بەردەوام بم و سوپاس بە خوا توانیم چەند بەرهەمێکی هونەری بڵاوبکەمەوە و لە رێگای ئەو بەرهەمانە ئێستا من خاوەن بەرهەمێکی هونەریم و گرنگتریش



لەوە خاوەن جەماوەرێکی زۆرم، ئەگەرچی رەنگە بەرهەمەکانم وەکو پێویست بە دەست جەماوەر نەگەن، بەڵام بەڵێنیان پێدەدەم کە بێبەشیان نەکەم.

زۆر جار هونەرمەند هەیە گۆرانییەك دەڵێت، ئەو گۆرانییە گوزارشتە لە خەم و ئازارەکانی و تێیدا خۆی دەبینێتەوە، جانێش لەم جۆرە ئاگرکردنەوە بێبەش نەبووە، بۆیە دەڵێت: بەڵێ، ئەوکاتیش ئەو کەسەی خۆشم دەویست لە ژیاندا بوو، گۆرانیم بە باڵای ئەودا گوتووە، هەمووکات هەستی بە خۆشەویستییەکی زۆر دەکرد، کە گوێبیستی ئەو گۆرانییە دەبوو، بەو گۆرانییەش زیاتر خۆشەویستی منی بۆ روون بۆوە، بەداخەوە کە ٣ ساڵ لەمەوبەر بەهۆی نەخۆشییەکی درێژخایەنەوە ماڵئاوایی لێکردم و فریای ئەوەش نەکەوت خوداحافیزیم لێبکات.

سەبارەت بە نوێکردنەوەی بەرهەمە رەسەنەکانی هونەرمەندە نەمرەکان و گرنگیی ئەم کارە لای ئەو، جانێ دەڵێ: زیندووکردنەوەی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان، حەزی تایبەتی خۆ من، جگە لەوەیش هەمیشە هەوڵمداوە بەرهەمە رەسەنەکان، بە نەمری بهێڵمەوە و هەمیشە بیخەمەوە بەر گوێی خەڵکی هونەردۆست و عاشقانی دنیای گۆرانی کوردی، چونکە ئەوەی ئەوان لە رابردوودا لە کۆڕی گۆرانیی گوتندا پێشکەشیان کردووە، شۆڕشێك بووە، کە ئێمە ناتوانین لەبیری بکەین و دەبێ من و هونەرمەندانی دیکەیش، گۆرانییەکانی ئەوان بکەن بە کەرەستەی ئەلبووم و سەرکەوتنی خۆیان، چونکە ئەوکات شیعر و ئاوازەکان هێندە ناسك بوون، لە دڵی هەمووماندا بە زیندوویی ماونەتەوە، بەڵام دەکرێ بە ستایلێکی نوێ و بە گۆڕانکارییەکی بچووك، وەك خۆشەویستیم بۆ هونەرمەندە نەمرەکان بڕیارمداوە یەکەم کلیپی من بریتی دەبێ لە نوێکردنەوەی سروودی (نەورۆز) کە هونەرمەندی نەمر حەسەن زیرەك وتویەتی و سروودێکی ئیلهام بەخشە بۆ کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان و هێمای بەرخودانی نەتەوەی کوردە، هەڵبژاردنی ئەم سروودەش لەسەر خواستی بەشێکی زۆری جەماوەری من بووە کە زۆر داوایان لێدەکردم گۆرانیی حەسەن زیرەك و عەلی مەردان بڵێمەوە، هەروەها بۆ خۆشەویستیم بۆ هونەرمەندە رەسەن و نەمرەکانیش دەگەڕێتەوە.

هونەرمەندان هەمیشە بە یەکێك لە هونەرمەندانی پێش خۆیان کاریگەر یان بە ئیلهام بەخشی دادەنێن، جانێ لەم بارەیەوە دەڵێ: من عاشقی دەنگی خانمە هونەرمەندی نەمر عایشەشانم و هەر ئەو عەشقە بوو وایلێکردم گۆرانییەکانی بە بەردەوام بڵێمەوە و وەك هونەرمەندێك سوودی زۆرم لێیوەرگرتووە لە زۆر رووەوە، چونکە هۆکارێکی سەرەکی بوو لەوەی کە من روو لە کاری هونەری بکەم و بەردەوام بم لەسەر گۆرانی وتن.

جانێ لە کۆی ٨ بەرهەم و زیاتر لە ٧٠ گۆرانی، تا ئێستا کلیپی نییە ئەمەشی بۆ خراپی و سەختی بارودۆخی ژیان و نەبوونی هاوکاری و سپۆنسەر گەڕاندەوە، بەڵام وەك خۆی دەڵێ ئێستا بارودۆخی ژیانی باشتر بووە، بۆیە بیر لە چەند بەرهەمێکی دەنگ و رەنگ دەکاتەوە کە پێشکەشی جەماوەری خۆی بکات و بە جیددی هەوڵ دەدات کلیپێکی ئاست بەرز بێت لە هەموو روویەکەوە و شایەنی جەماوەری خۆشەویستی خۆی بێت، جانێ حەیران ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئێستا لە نێوان هەردوو وڵاتی تورکیا و رووسیا خەریکی بازرگانیکردنی چاویلکەیە و بە هۆی ئەو بازرگانییەوە بژێوی ژیانی پەیدا دەکات.